# تاشین و کورتکردنەوەی هەندێک لەسەر و وازهێنانی ئەوی تر

# حلق بعض الشعر أو تقصير بعضه وترك الباقي

كوردي >

**دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

**پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# تاشین و کورتکردنەوەی هەندێک لەسەر و وازهێنانی ئەوی تر

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە :

**پرسیار** : هەندێك لە حاجیان و عومرەكاران لە كاتی بەجێهێنانی واجبی سەرتاشین یان كورتكردنەوەی، هەڵدەسن بە تاشینی هەندێك لەسەر، یان كورتكردنەوەی هەندێكی، وە وازهێنانی ئەوی تر، ئایا ئەم شێوازە جێگای قبوڵە لە شەرعدا ؟

**وەڵام** : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

هەندێك لە حاجیان و عومرەكاران كاتێك دەیانەوێت واجبی سەرتاشین یان كورتكردنەوەی جێ بەجێ بكەن، تێبینی ئەوەیان لێ دەكرێت هەندێكی دەتاشن و ئەوەی تری واز لێ دەهێنن، یان هەندێكی كورت دەكەنەوە و ئەوی تری دەست لێ نادەن، بۆ نموونە كاتێك دەیەوێت كە پرچی كورت بكاتەوە دێت هەندێك تاڵە موو لە پێش و پاش وئەملا ولای دەكاتەوە، و بە حسابی خۆی ئیتر یەكێك لە واجبەكانی حەج یان عومرەی بەجێهێناوە ..

سەماحەتی شێخ عبد العزیز بن باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لەم بارەیەوە ووتویەتی : دروست نیە هەندێك لە پرچ و مووی سەرت كورت بكەیتەوە، یان هەندێكی بتاشیت و واز لەوی تر بهێنیت، ئەمەش پەسەندترین و ڕاسترین ڕای زانایانە، بەڵكو واجبە مووی سەر هەمووی كورت بكاتەوە، یان هەموی بتاشێت، باشتریش وایە لەكاتی تاشین یان كورتكردنەوەی لای ڕاست پێش بخات بەسەر لای چەپدا ..

شێخ عەبدوڵا بن حومەید ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ووتویەتی : ...كاتێك لە هاتوچۆی نێوان صەفا و مەروە تەوا بوو، ئەگەر هاتوو تەمەتوعی كردبوو، ئەوا دوای ئەوە مووی سەری هەمووی دەتاشیت، یان هەمووی كورت دەكاتەوە، بەمەش تەحەلول دەكات و هەموو ئەو شتانەی پێشووتر بۆی یاساغ و

قەدەغە بوو بۆی دروست دەبێتەوە، .... لەکاتی کورتکردنەوەشدا دەبێت هەموو مووی سەر کورت بکرێتەوە لەسەر ڕای دیاریترین و پەسەندترین ڕای زانایان ..

هەر لەم باریەوە شێخ ابن عثیمین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: واجبە تاشینی سەر بۆ هەموو سەر بێت، هەروەها ئەگەر کورتیشی کردەوە هەموو پرچی سەری لە هەموو لاکانیەوە کورت بکاتەوە، وە هەر کەسێکیش پەلکەی کرد بوو، دەبێت لە هەموو پەلکەکانی بە ئەندازەی سەری پەنجەیەك ببڕێت ..

لیژنەی هەمیشەی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتوادانیش لە وەڵامی پرسیارێکدا ووتوویانە: واجبە ئەوەیە هەموو سەر بتاشرێت، یان هەموو کورت بکرێتەوە، بۆ حەج بێت یان عومرە کردن، وە بزانە پێویست نیە هەموو تاڵە موویەك بگریت و کورتی بکەیتەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی هەمووی کورت بکرێتەوە، وە ئەوەشی باست کردووە کە هەندێك لە پشتی سەرتەوە کورت بکەیتەوە و واز لەوی تری بهێنیت، لەسەر ڕای ڕاستر و پەسەندنتری زانایان، وە بزانە سونەتی پێغەمبەری خوا موحەمەدی کوڕی عەبدولا (صلی الله علیە وسلم) ئەوە نیە هەندێك لە مووی سەر کورت بکەیتەوە و واز لەوی تر بهێنیت ..

خوای گەورەش زاناترە ..

IslamHouse.com